هەرکەسێک پرسیاری هەرشتێکی بکردایە لە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، نەیدەفەرموو: نەخێر

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: « هەرکەسێک پرسیاری هەرشتێکی بکردایە لە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، نەیدەفەرموو: نەخێر». لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: « هەرکەسێک پرسیاری هەرشتێکی بکردایە لە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-؛ ئەوا پێی دەبەخشی، وپیاوێک هات ئەوەندە پەزی پێی بەخشی هێندەی نێوان دوو شاخ بوو، (پیاوەکە) گەڕایەوە بۆ لای قەومەکەی ووتی: ئەی قەوم، ببن بە مسوڵمان موحەمەد کەسێکە بەخشینێک دەبەخشێت لە هەژاری ناترسێت، وکەسی وا هەبوو تەنها بۆ دەستکەوتی دونیا مسوڵمان دەبوو، بەڵام پاش ماوەیەک ئیسلام لە لای خۆشەویستتر بوو لە هەموو دونیا وئەوەی تێیدایە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

واتای فەرموودەکە: پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هەرکەسێک پرسیاری هەرشتێکی لێبکردایە نەیدەفەرموو: (نەخێر)، بەڵکو هەرچیەکی بووایە پێی دەبەخشی، ئەگەر نەیبووایە ئەوا وتەیەکی جوانی پێ دەفەرموو، ئەمیش بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی خوای گەورە کە دەفەرمووێت: {وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنْهَرْ} [الضحى: 10] واتە: {وە هەڵمەشاخێ بە پرسیارکەر (هەژارو سوالکەر) دا}. لە گێڕانەوەیەکدا ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (أنه -صلى الله عليه وسلم- كان رحيما، فكان لا يأتيه أحد إلا وعَدَه وأَنجَزَ له إن كان عنده) [رواه البخاري في الأدب المفرد] واتە : (پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- زۆر بە ڕەحم وبەزەیی بوو، ئەگەر هەریەکێک بهاتایە بۆ لای پەیمانی پێدەدا وپەیمانەکەی جێبەجێ دەکرد ئەگەر شتێکی هەبووایە کە پێی ببەخشێت). ولە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئەویش داوای لە خێزانەکانی کرد -بۆ ئەوەی شتێکی بۆ ئامادە بکەن- ئەوانیش ووتیان: تەنها ئاومان هەیە، بۆیە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «من يَضُمُّ أو يُضِيفُ هذا» واتە: «کێ میوانداری ئەم پیاوە دەکات؟») [رواه البخاري]. وهەروەها لە گێڕانەوەیەکی تردا سەهلی کوڕی سەعد -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (ئافرەتێک هات وپۆشاکێکی هێنا ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەمەم بە دەستی خۆم چنیووە بۆ ئەوەی تۆ بیپۆشیت، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پۆشاکەکەی وەرگرت؛ پێویستی بوو، ودەرچوو بۆ لامان و لەبەری کرد لە بەشی نیوەی خوارەوەی لاشەی، پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، بیبەخشە بە من بۆ ئەوەی بیپۆشم، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «بەڵێ»، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لە دانیشتنێکدا هەندێ دانیشت، وپاشان گەڕایەوە -بۆ ماڵەوە-، جلەکەی پێچایەوە ونارەدی بۆ پیاوەکە، خەڵکی پێیان ووت: باش نەبوو کە پرسیارت لێی کرد، دەزانیت ئەو هەرکەسێک پرسیاری شتێکی لێبکات ڕەتی ناکاتەوە، پیاوەکە ووتی: واللە من تەنها بۆ ئەوەی پرسیارم لێی کرد بۆ ئەوەی ببێت بە کفنم لەو ڕۆژەی دەمرم، سەهل دەڵێت: ئەو پۆشاکە کفنی بوو) [رواه البخاري]. ئەمە حاڵی پێغەمبەر بوو -صلی الله علیه وسلم- لەگەڵ ئەو کەسانەی داوای شتێکیان لێی دەکرد، ئەگەر هەیبووایە پێی دەبەخشی ئەگەرچیش خۆی پێویست بووایە وئەگەر نەیبووایە ئەوا داوای لێبووردنی لێی دەکرد وپەیمانی پێی دەدا بۆ ماوەیەکی تر یان داوای لە هاوەڵان دەکرد کە پێی ببەخشن، وئەمیش لە بەخشندەیی وبەزەیی وجوانی ڕەوشتیەتی -صلی الله علیه وسلم

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3885